# تەنها بە ماوەی یەک مانگ نرخی بەنزین لە هەرەمی کوردستان ڕەکدەخرێت و کەمدەکرێت

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرەمی کوردستان ڕەژی یەکشەممە ڕایگەیاند نرخی بەنزینی نەرماە بە 750 دینار بە هەر لیترێک کەم دەکاتەوە لە مانگی پێنجی داهاتووەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان و بەرزکردنەوەی کوالێتی بەنزین و یەکخستنی نرخەکانی، بەنزینی (ئاسایی) بە نرخی 750 دینار دەفرۆشرێت بە هەموو لیترێک لە مانگی ئایاری داهاتووەوە و بە ماوەی مانگێک".

وەزارەتەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، "وەزارەت ئەو بەنزینە کوالێتی بەرز لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانیەوە بەرهەم دەهێنێت و جێختیشی کردەوە کە لیژنەکان لە پارێزگاکان و فەرمانگە سەربەخۆکان بەردەوام دەبن لە چاودێریکردنی کوالێتی بەنزین لە هەرەمی کوردستان".